لە خولی تۆپی پێی پلە دووەکانی کوردستان

پێشمەرگەی کوردستان بە پەنالتی یەکلاکەردوە لە هێرش دەباتەوە

یاریگای ئاکرێ: عیماد قادر – وێنە: مەحمود هەولێری

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو (٢٠٠٤/٨/٥) لەمیانی بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە پلە دووەکانی کوردستان لەسەر یاریگای ئاکرێ، هەردوو تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی کوردستان و هێرش بە یەک گەیشتن و لە یارییەکی مام ناوەندیدا کاتی ئەسلی یارییەکە بەگۆڵێک بۆ هەر دوو بەکۆتا هات.

گۆڵی یەکەمی ئەو یارییە یاریزانی یانەی هێرش (دلێر سابیر) لە (د/١٥) تۆماریکرد، بەڵام یاریزانی یانەی پێشمەرگەی کوردستان (گوهدار مستەفا) لە (د/٣٤) توانی گۆڵی بەرامبەر تۆمار بکات.

* لەو یارییەدا تەنها کارتێکی زەردی ئاگادار کردنەوە بە رووی یاریزانی یانەی پێشمەرگەی کوردستان (ڕەشاد قادر) بەرزکرایەوە، چونکە زۆر بە توندی یاری دەکرد.

* پێویستە بگوترێ سەرپەرشتیاری یارییەکە (سوبحی کامل) وەک پێویست ئاگای لە بەڕێوەچوونی یارییەکە نەبوو، هەروەها لەو یارییەدا ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن و نەقالە نەبوو، جگە لەوەی خەڵکێکی زۆر ڕژابوونە نێو یاریگاوە بە جۆرێک کۆنترۆڵ نەدەکرا.

* ناوبژیوانی نێودەوڵەتی (مەحمود نوردین) لە (د/٣٥) لێدانێکی پەنالتی ئاشکرای بۆ یانەی پێشمەرگەی کوردستان نە ژمارد، هەروەها وەک پێویست نەبوو لەبەڕێوەبردنی یارییەکەدا.

* ناوبژیوانانی ئەو یارییە بەگشتی پێک هاتبوون لە بەڕێزان مەحمود نوردین و عادل مستەفاو عاتف عەبدولخالق و ئەحمەد یوسف.

* یانەی پێشمەرگەی کوردستان و هێرش هەردوو لایان بەشێوازی (٤-٤-٢) یاریبان دەکرد، هەر بۆیە ئاستی یاریکردنیان لێک نزیک بوو.

* پێکهاتەی یانەی پێشمەرگەی کوردستان پێک هاتبوون لە یاریزانان (سەردار چاوشین، ڕەشاد قادر، جاسم عوسمان، مەلائەمین مەلا ئەمین، نەزرەت محەمەد، گوهدار مستەفا، سەروەت حەسەن، مامەند ئەکرەم،دیار لەشکری، حاتەم جەمیل، هندرێن نوردین، سالح محەمەد سەلیم، ئەمیر مەجید، خەسرەو محەمەد، کاروان ئەحمەد، دلێر شینۆ، هەوار نوری، کەمال عەبدولکەریم).

* پێکهاتەی یانەی هێرش پێک هاتبوون لەیاریزانان (سرووت سەباح، نەوزاد قادر، هەژار محەمەد، زانا زاهیر، خەبات ئەحمەد، نەریمان ڕەشاد، شەمسەدین ئەسعەد، نەهرۆ عەبدولقەهار، ڕێناس عەبدولواحید، دلێر سابیر، قارەمان تەحسین، تەیب ئیبراهیم، یوسف سەعید، ئومێد بیلال، ئامانج ڕەسوڵ، شوان خورشید، سەرکەوت عومەر، سعود عەلی).

یاریزانی یانەی هەندرێن (کەمال یاسین)

هیوادارم یانەکەمان بگاتە پلەی یەکی کوردستان

لەمیانی یارییەکانی خولی یانە پلە دووەکانی هەرێمی کوردستان لە تۆپی پێ کە ئەنجومەنی باڵای وەرزش بەڕێوەی دەبات چەندین یاریزانی لاوی بەتوانا بەشداریان تێدا کردووەکە یەکێک لەوانە یاریزانانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی هەندرێن (کەمال یاسین)ە بۆ زیاتر ئاشنابوون لەگەڵ ئەم یاریزانە ئەم دیمانەیەمان سازکرد:

*** سەرەتای ژیانی وەرزشیت چۆن بوو؟**

– سەرەتایی ژیانی وەرزشیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٥) لە قوتابخانەی سەرەتایی یاریم کرد دواجار بۆ ناوەندی برایی و لە هەمان ساڵ بۆ تیپی لاوانی میللی (زەردەشت) کە بەناوی تیپی (فەلەستین) بەناوبانگە.

*** ئەو ڕاهێنەرانە کێن کە مەشقیان پێداوی و سوودت لێیان وەرگرتووە؟**

– زۆرن ئەم ڕاهێنەرانە، بەڵام ئەوەی زۆر سوودم لێی وەرگرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێزان سەلیم نوری و ئەحمەد قادرو یوسف محەمەد کە زۆرشتیان فێرکردووم.

*** ئەم یانانە کێن کە یاریت بۆ کردوون؟**

– ساڵی (١٩٩٩) لە یانەی جیهاد کە ئیستا جیهانە دوای لەیانەی ئاسۆ لە وەرزی (٢٠٠٠-٢٠٠١) پاشان بۆ یانەی سەرچنار لە وەرزی (٢٠٠٢-٢٠٠٣) ئێستاش لە یانەی هەندرێن یاری دەکەم.

*** حەز دەکەی لە چ هێڵێک یاری بکەین؟**

– حەز دەکەم لە هێڵی ناوەڕاست یاری بکەم و لەگەڵ یاریزانان نافیز عەزیزو ئیدریس محەمەد.

*** چۆن خۆتان ئامادە کردبوو بۆ خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان؟**

– لە ڕاستیدا ئێمە لە ئامادە باشیەکی زۆر چاک بووین لەبەر ئەوەی دەستەی کارگێری یانەکەمان لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران سەربازگەیەکی مەشقی بۆ یانە تەرخان کردبوو (بەیانیان و ئێواران) دواتر چەندین یاری دۆستانەی بەهیز لەگەن یانەکانی هەولێرو دەوروبەری ئەنجام دا و بە ئەنجام زۆر باش دەرچووین.

*** کێ هاوکاری یانەکەتان دەکات؟**

– ئێمە وەک یاریزانانی یانەی هەندرێن زۆر سوپاسی بەڕێز حاکم جەمال سەرۆکی یانە دەکەین کە هەموو پێداویستەکانی (مادی و مەعنەوی) بۆ یانەکەمان تەرخان کردووە.

*** باشترین یاریت لەگەڵ کام یانە بوو؟**

– بەرای خۆم باشترین یاریم لەگەڵ یانەی وەرزشی نیشتمان بوو کە توانیم ئاستێکی جوان پێشان بدەم و یاریەکەمان بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.

*** ئایا هیچ یانە داوای لێت کردووە بۆ یاری کردن؟**

– بەڵێ زۆر یانە داوایان کردووە یاریان بۆ یەکەم بەڵام خۆم حەز دەکەم هەر لەیانەی هەندرێن خزمەت بکەم.

*** خۆشترین و ناخۆشترین کاتت؟**

– خۆشترینیان ئەوەیە کە یانەکەمان دەباتەوەو دەبمە هۆی بردنەوەی و ناخۆشتریان ئەوەیە کە نەمتوانی خوێندنم تەواو بەکەم.

*** دوا وتەت؟**

– هیوادارم کە وەرزش زیاتر پێشکەوێت و خولی یانەکان لە کاتی گونجاو بەڕێوە بچیت و زۆر سوپاسی هەفتەنامەکەتان دەکەم بۆ ئەم دیدارە.

پایسکل سوارانی ئارارات لە ئامادەباشیدان

لە ڕۆژانی (١٩تا٢٢/٨/٢٠٠٤) یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی پایسکل سواری عێراق بۆ پێشکەوتووان بە بەشداربوونی یانەکانی (هەولێر، ئارارات، برایەتی، سلێمانی، سناعە، کارەبا، موسڵ، دیوانیە، بەسرە، شۆرجە، دهۆک، حللە، کوت) لەشاری سلێمانی بەڕێوە دەچێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش سەرجەم یانە بەشداربووەکان لە ئامادەباشی تەواودان بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەمدا ئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بێنن.

جێی ئاماژە بۆکردنیشە لە یارییەکانی قۆناغی یەکەم کە لە شا ری هەولێر بەڕێوەچوو، یانەکانی کارەباو سناعەو هەولێرو برایەتی و ئارارات پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیان بەدەست هێنا.

هەر بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی قۆناغی دووەمدا بەڕێز (پشتیوان سەعید) ڕاهێنەری تیپی پایسکل سواری یانەی وەرزشی ئارارات گوتی: ئێمە بۆ بەشداریکردنمان لە پێشبڕکێکانی قۆناغی داهاتوودا لە ئامادەباشی تەواوداین و ڕۆژانە لە یانەی بروسک خەریکی مەشق و ڕاهێنانین بۆیە لەو ڕووەوە سوپاسیان دەکەین، پێویستە بگوترێ پایسکل سوارەکانمان پێک هاتوون لە بەڕێزان (خەسرۆ حەمید، سەباح ئەحمەد، دانا عەلی فەتاح، سەنگەر ئیبراهیم) کە لەوپەری ئاست بەرزی دان.

هەر بۆ ئاست بەرزی یاریزانەکانیشمان تا ئێستا لە هەردوو تەمەنی تازەپێگەیشتوان و لاوان (٣) یاریزانمان لە هەڵبژاردەی عێراق وەرگیراوە ئەوانیش (ئاری ئەدهەم، سەنگەر ئیبراهیم، بۆتان غەریب)ە.

سەبارەت بەو ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەش کە لە قۆناغی یەکەم وەک یانەی ئارارات بەدەستمان هێنا کە پلەی پێنجەم بوو، دەتوانم بڵێم تیپەکەمان لە لاوانەوە تازەپێی نابووە پێشکەوتوان و ئەزموونێکی وایان نەبوو، بۆیە ئەو ئەنجامەمان بەدەست هێنا.

هیوادارین لە قۆناغەکانی داهاتوودا بتوانن بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک قەرەبووی ئەنجامە خراپەکانمان بکەینەوە، بەتایبەتی ئێستا ئاستی هونەری و دەروونی یاریزانەکانمان لەوپەری باشیدایە.

ئەوەش یارمەتیەکی باشمان دەدات بۆ پتر بەرەو پێشەوەچوون و بەدەستهێنانی ئەنجامی مژدەبەخش.

ئا: محەمەد سەعید کوردە

پیرۆزە لە کاکە مۆفەق

وەرگرتنی یاریزانانی کوردستان بە هەر سێ شاری هەولێرو دهۆک و زاخۆ لە هەڵبژاردەکانی عێراق و لاوان و تازەپێگەیشتوان کارێکی تازە نییە، چونکە یاریزانانی کوردستان لەسەرجەم یارییەکان توانیویانە بەهۆی لێزانی و زیرەکی خۆیانەوە بوونی خۆیان لە هەڵبژاردەکانی عێراقی بسەلمێنن و شوێن پێی خۆیان بکەنەوە، بۆیە لێرەدا جێگای ئەوە نابێتەوە ناوی هەر هەموویان بهێنین و ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاویان بدەین، بەڵام ئەوەی تازە بابەت بێت وەرگرتنی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی هەولێر (مۆفەق یونس)ە، کە هەفتەی ڕابردوو لەکۆبوونەوەیەکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەچوارچێوەی ئەو (٢٥) یاریزانەی کە بۆ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق داواکراوە هەر لەگەڵ ئەو یاریزانانەش گۆڵچی یانەی هەولێر (دیدار حامد)ی تێدایە، بەڵام ئەو پێشتریش لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بووە، بۆیە پیرۆزبایی لە کاکە (مۆفەق یونس) دەکەین و هیوادارین ڕۆڵی دیارو بەرچاوی خۆی ببینێ و جێگای خۆی قایم بکات و لەهەمان کاتیش سەری شاری هەولێر بەرز بکاتەوەو دووبارە پیرۆزەو نەخشەش لە یاریزانەکانی دیکەی کوردستان بێت.

ئەحمەد سەعید

پادشای گۆڕەپان خاوەنی دوا بڕیارە

لە هەموو کات و ساتێکدا ناوبژیوانی خاوەن بەهرەی گەشی وەرزشی دەبێتە هەوێنی سەرکەوتن و لە هەمان کاتیشدا دڵی هەموو لایەک ڕازی دەکات.

ناوبژیوانی پیشەیەکی مەزن و پیرۆزە هاوکات بەرپرسیەتیەکی مەزنی لەسەر شانە هەر بۆیە ڕۆژنامەگەری وەرزشی گەلێک نازناوی قەبەیان بەناوبژیوان بەخشیووە، ئەو نازناوانە سەردەمانێکە بە باڵایان ڕاوە وەک پادشای گۆڕەپان وخاوەنی دوابڕیارو هتد....

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مانای ئەوە نییە کە ناوبژیوانان هەڵە ناکەن، بەڵکو زۆرجار بینیوومانە ناوبژیوانان هەڵەی زۆر زەقیان بەسەردا تێپەڕیووە، بەڵام زۆربەی هەڵەکان بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو زیاتر هەڵەی هونەریی بووە، بەڵام هەرگیز پێم وانییە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهۆی هەڵەی ناوبژیوانەوە یارییەک دووبارەکرا بێتەوە، ئەوەشیان جۆرە سەروەرییەکە بۆ خودی ناوبژیوانان.

ئێمە دەبێ هەمیشە ئەو قسەیە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ناوبژیوانیش مرۆڤە، بێگومان هەموو مرۆڤێکیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەڵە دەکات جا لە هەر کارێکدا بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو هەڵەیە بەئەنقەست نەبێت، چونکە هەڵەی بە ئەنقەست کاریگەری خراپ و نێگەتیفانە لەدوای خۆی جێ دەهێڵی و کەسایەتی ناوبژیوانەکەش لە کەدار دەکات و لەنێوەندی وەرزشی بەچاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێت، بۆیە دەبێ ناوبژیوانان لەبەڕێوەبردنی ئەرک و پەیامی سەرشانیان زۆر بەکاریگەرییەوە مامەڵە بکەم و هەوڵی جیدی بدەن ئەو پەڕی بێتلایەن لە بەڕێوەبردنی یارییدا پیادە بکەن، چونکە ئەگەر هەمیشە بهێنینەوە یادی خۆمان لەکاتی ئەنجامدانی هەر پاڵەوانیەکی تۆپی پێدا پێوانەکردنی ئاستی ناوبژیوانان بە یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرەکیەکان سەیر دەکرێت و لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتی خولە وەرزشییەکانەوە حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت، بۆیە هیوادارین ناوبژیوانانی خۆشمان بەگیانی بەرزی وەرزشییەوە مامەڵە لەگەڵ پیشەکەیان بکەن و هەمیشە لەمەشقی ڕۆژانەیان بەردەوام بن بۆ ئەوەی خودان توانایەکی وەرزشی بەهێز بن لەبەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانیان هەمیشە سەرفرازو سەرکەوتووبن.

سەرهەنگ نەجمەدین

لەپەنجەرەوە

گومان لەوە دانییە کە چەندین باس لە دەستکەوتەکانی وەرزش بکەین هێشتە حەقی خۆی نادرێتێ ئینجا دەستکەوتەکان هەر هەموویان دیارو بەرچاون کە بەراستی جێگای دەستخۆشی و خۆشماڵیمانە ئێمەی وەرزشوانان لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەک بەر لە ئێستا باس لەوەدەکرا گوایە ئەنجومەنی باڵای وەرزشی نووسینگەیەکی وەرزشی بۆ وەرزشوانە دێرینەکان بکاتەوە ئەم نووسینگەیەش یەکێک لە کارەکانی کۆکردنەوەی ئەو وەرزشوانە دێرینانە دەبێ کە بەدرێژایی تەمەنیان خزمەتی وڵات و شارەکەی خۆیانیان کردووە لە وەرزشە جیاجیاکانداو بەرگریش لە مافەکانیان دەکات. دواخستنی کردنەوەی نووسنگەی وەرزشوانە دێرینەکان نازانین کێ لێ بەرپرسیارەو بۆچی کردنەوەی نووسینگەیەک بۆ ئەم بەڕێزانە دەبێ ئەو ماوە درێژەی بوێ یاخود دەبێ ئاستنەگ لەبەر دروستکردنی چی بێ.

ڕۆژنامەنووسان و ئەدەیب و هونەرمەندو... هتد هەر هەموویان ئێستا مووچەیەکی مانگانەیان بۆ براوەتەوە ئەمیش لە بڕی ماندوو بوونیانەو کە ئێمەی وەرزشوانان پیرۆزبیان لێ دەکەین دەڵێن ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی پیرۆزە ئەوە حەقی خۆشتانە.

لەکاتێکدا وەرزشوانانی کوردستان دەپرسن ئێمە بۆ بێ شوێنین ئایە ئێمە لەر ێگای وەرزشەوە خزمەتی میللەتی خۆمان نەکردووە، لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو چەند برادەرێکی خۆم کە بەرپرسیایە هەیە لە ئەنجومەنی باڵای وەرزش دوای گفتوگۆیەکی تیرۆتەسەل لەسەر مافی وەرزشوانە دێرینەکان چەندین قسەو باسمان کرد لە هەمان کاتدا داوام لێکرد کە چەند وەرزشوانێک لە کوردستان هەن پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە ئینجا بەهەر شێوەیەک بێت چونکە بەراستی ئێستا لەشاری هەولێر وەرزشوانی دێرینمان هەیە تووشی نەخۆشی هاتووە لەماڵەوە کەوتووە یاخود تەمەنی بەسەردا چووە پەککەوتە بووە بۆیە سەردانکردنیان پێویستە تاکو لە نزیکەوە ئاگەداری باری ژیانی ئەم بەڕێزانە بین ئەمەش وەک وەفایەکە بۆیان و ئاشکراشە ئەنجومەنی باڵای وەرزشیش بەماڵی سەرجەم وەرزشوانانی کوردستان دادەنرێت.

با قۆناغی یەکەم بەسەرکردنەوە بێ تاکو وەرزشوانانیش مووچەی ڕێزلێنانیان بۆ دەردەچێ.

مەحمود عەزیز

لێرەو لەوێ... لێرەو لەوێ... لێرەو لەوێ... لێرەو لەوێ...

* چەند خۆشە بەر پرسانی بەرزی وەرزشی گیانی وەرزشی پیادە بکەن لە ئاست دیاردە چەوتەکان و هەڵوێستی خۆیان بنوێنن، وەک یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی عێراق خەریکی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی سزادانی هەر چوار یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقی (ئەحمەد عەلی و ڕەزاق فەرحان بونس مەحمود و قوسەی مونیر) کە هەڵوێستی ناوەرزشیان نواند لە یارییان بەرامبەر هەڵبژاردەی چین، هیوادارین سەرجەم بەرپرسانی وەرزشی ئەو هەڵوێستە پیادە بکەن بۆ ئەوەی یاریزانانی دیکەش پەندو ئامۆژگاری لێوەر بگرن؟!

* مەسەلەی خواردنی دەرمانی وزەبەخش خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی بەربڵاوی نێوەندی وەرزشی، بەتایبەتی لە یارییەکانی هێزدا، هەر بۆیە دەبینین هەر جارەی پاڵەوانێک ئەو کارەی لێ ئاشکرا دەبێت و وەبەر سزا دەکەوێت، بەڵام نازانین بۆچی سنوورێک بۆ ئەوە ڕەچاو ناکرێ، بە تایبەتی کە ئێستا یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ئەسینا لە ڕێگایە، ئاخۆ چەند پاڵەوانی دیکە بیر لە خواردنی دەرمانی وزە بەخش دەکاتەوە؟!

* بڕیاری وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە یاریکردن پەیوەستە بە خوودی یاریزانەکە خۆی، بەڵام زۆر جار تەمەن و داواکاری ئەن و ئەویش ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە پاشگەز بوونە، بۆ نموونە لەو ماوەیەی ڕابردوودا گوێ بیستی ئەوە بووین کە یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی فەڕەنساو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی (زێنەدین زێدان) بڕیاری وازهێنانی لە یاریکردنداوە کەچی زۆرینەی جەماوەرەکەی پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە هێشتا زۆری ماوە بۆ زێدان، واچاکە دان بەخۆیدا بگرێت تا جامی جیهانی (٢٠٠٦) لە ئەڵمانیا.

* دوای ئەوەی یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا بەکۆتا هاتو هەق وایە سەرجەم وەرزشوانان بەناوبژیوان و ڕاهێنەرو کادیری مەشق و ڕاهێنان و یاریزانان سوودێکی باشیان لەو ڕووداو وەرزشییە مەزنە بینیبێ بۆ بەرنامەی کاری داهاتوویان.

عەبدولستار جەبار